# باشووری کوردستان لە نێوان دکتاتووریەتی تاکەڕەوی و گشت ڕەویدا ... هیشام ئاکرەیی

karzan@spray. se

یەکێ لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەتاییەکانی سیستەمی دیموکراسی لە دونیادا، هەبوونی پارتی یان پارتەکانی دەسەڵاتدار و پارت یان پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنە. لە هەر وڵاتێك ئوپوزسیۆن نەبێت واتای نەبوونی دیموکراسییە و بە پێچەوانەوە، لە هەر وڵاتێك ئۆپۆزسیۆن نەبێت وتای نەبوون یان لاوازی و پێنەگەیشتنی دیموکراسییە.
ململانێی هێمنانە و یاسایی نێوان حکومەت و ئوپوزسۆن و ڕێزگرتن لە ڕای ئوپوزسیۆن و ئیعتراف کردن بە خەباتی لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدا و هەروەها ڕوخساندنی بواری کاری سیاسی و ئازادانە بۆ ئوپوزسیۆن، نیشانەی ئیعتراف کردن و پەیڕەوکردنی دیموکراسییە لە لایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە. دانانی فشار لەسەر لایەنەکانی دەرەوەی حکومەتدا، بۆ نواندنی هەڵوێستێك لە دەرەوەی خواست ویستەکانیان، شێوەیەکی تری دکتاتوورییە.
لە لایەکی ترەوە هەر پارتێك ئامادەنەبێت لە ئوپوزسیۆندابێت و کاربکات، و لە پێناو بەشداریکردن لە دەسەڵات و حکومەتدا، و ئامادەبێت لە پرنسیپەکان و فکری پارتەکە لابدات، ئەوەش خۆی لە خۆیدا شێوەیەکی تری دکتاتۆرییەتە. . .
بەشداری کردنی هەموو پارتەکان لە وڵاتێك یان دەڤەرێکدا لە دروست کردنی حکومەت بەبێ ئەوەی پێویستەیەکی مێژوویی بۆ ئەو بەشدار بوونە هەبێت و فەرز بکات و بەبێ ئەوەی ئەو هەموو لایەنانە خۆیان لەو حکومەتەدا ببیننەوە، دکتاتووریەتی گشتڕەی لەو وڵاتەدا دروست دەکات.
ئاوڕدانەوەیەك لە حکومەتەکانی کوردستان و ئەو سیاسیەتی پارتە کوردستانیەکان لە باشووری کوردستان پیادەدەکەن، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە پارتە کوردستانیەکان یان دکتاتووریەتی تاکڕەویان بەکار هێناوە و لە هەندێ حاڵەتیشدا کە پێیان نەکراوە ئەو دکاتووریەتە تاکاڕەوییە پیادەبکەن، ناچاربوونە لە ژێر ناوی (تەوافق) و سازشکاری، دکتاتووریەتی گشت ڕەوی بسەپێنن. .
ئەو تەوافوقەی پارتی و یەکێتی وەك دوو پارتی دسەڵاتدار بانگەشەی بۆ دەکەن بەتایبەت لە کوردستان، نیشانەی پێگەیشتنی سیاسی نیین، بەو واتایەی وەك دوو لایەن لەسەر بنەمای لەیەك نزیك بوون و باوەڕبوون بە ساشکاری لە سیاسەتدا، بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی باوەڕی نەبوونیانە بە دیموکراسی و ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن لایەنێکیان و چوونی لایەنی ترە بۆ حاڵەتی ئوپوزسیۆن.
ئەو تایبەتمەندییەی سەرەوە تەنیا پارتی و یەکێتی ناگرتەو، بەڵکوو چەند پارتێکی تریش دەگرتەوە وەك، حزبی زەحەتکێشان و حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق و یەکگرتووی ئیسلامی و سۆسیالیستیش و. . . . ئەو پارتانەش لە پێناو وەرگرتنی پۆستێکی وەزارەت و لە ژێر فشاری نەبوونی دیموکراسی و ڕێگانەدان بە کارکردنی ئازادانە لە کوردستان، لە لایەن دوو پارتی دەسەڵاتدراوە، ئامادەنیین وەك ئوپوزسیۆن کاربکەن. .
تەنیا پارت لە عێراقدا نەك لە کوردستان کە ئامادەبوو واز لە دەسەڵات بێنێت و بە ئێرادەی خۆی لە حکومەتی عێراقدا بەشدار نەبێت، پارتی (وفاقی وتەنی) بۆ بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی. . . هەموو پارتە عێراقیەکانی تر بە کورد و عەرەبەوە هەوڵیاندا ئەو پارتە ڕازی بکەن لە حکومەتی عێراقدا بەشداربێت، بەڵاَم ڕازی نەبوو و

بەشێوەیەکی ئەوروپییانە ئۆپوسیۆنی هەڵبژارد. ئەوە مانای ئەوە نییە کە پارتەکەی ئەیاد عەلاوی پارتێکی دیمورکارسییەڕ، بەڵکوو تەنیا شێوەی ئەو هەڵسووکەوتە دیموکراسی بوو. هەڵبژاردنی ئەیاد عەلاوی بۆ ئوپوزسیۆن، لە قازانجی ئەو دابوو و ئێستاکە عەلاوی کەلێ بەهێزترە و عێراقیەکان هەستیان بەجیاوازی هەردوو قۆناغی دەسەلاَتیان کرد.

دەتوانین بڵێین، هیچ حزبێکی خاوەن جەماوەر لە کوردستاندا، باوەڕی بە دیموکراسی نییە، یانیش لە پراکتیکدا دیموکراسی پیادە ناکات و هەموو پارتەکان بە هەموو شێوەیك دەیانەوێت حکومڕان بن و لە حکومەتدا بەشداربن...

ئەوان پێیان وایە ئەگەر دەسەلاَت نەبێت هیچ دسەلاَتت نییە و ناتوانی گۆڕانکاری دروست بکەی و هیچ جێگایەکت نابێ لای جەماوەر. ئەمەش لەوە دێت کەلە پراکتیدکدا ئوپوزسیۆن لە کوردستاندا هیچ دەسەلاَتی نییە. . ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە دیموکراسی نییە، هەر بۆیەش لە کوردستان نە ئوپوزسیۆن هەیە و نەش گوێ لە ئوپوزسیۆن دەگیرێت.

لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا، سەرەتا هاوپەیمانی لە نێوان پارتە سیاسیەکان لەسەر بنەمای سیاسی دروست دەکرێت، پاشان باسی وەزارەتەکان و پۆستەکانی تر دەکرێت. بەواتایەکی تر لە هەموو ولاَتانی دیموکراسیدا و ئەوانەی باوەڕییان بە دیموکراسی هەیە و لەپێناو ئامانجی ئەو کەسانەی کە دەنگیان پێیان داوە خەبادەکەن، پێشوەخت لە سەر هەندێ خاڵی هاوبەش ڕێکدەکەون، وەك بودجە و بایەخدان بە هەندێ خاڵی تایبەت کە لەبەرنامەی پارتە هاوپەیمانیەکاندا هەیە، پاشان وەزارەتەکان دابەش دەکەن....

ئەوەی لە کوردستاندا دەبێت تەنیا، دابەشکدرنی وەزارەتەکانە، ئەمەش جارێکی تر نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا حکومڕانی لای ئەو پارتانە گرنگە و هیچ بایەخێك بە لایەنی فکری و ڕای جەماوەری پارت نادرێت. هەمان ڕەفتار لە پەیوەندی پارتە کوردستانیەکان لە گەڵ پارتە عێراقیەکاندا بەدی دەکرێت..

پارتە کوردستانیەکان لە دانوسانەکانیادا لەگەڵ عەرەبی شیعە، شەڕی هەرە گەورەیان لەسەر وەزارەت و پۆستەکان بۆ نەك لەسەر کەرکووك و مافەکانی تری کوردستان...

ئەم هەڵسووکەوتەی پارتەکانی کوردستان لە ناوەوەی کوردستان و دەرەویدا، ئەوە دەچەسپێنن کە پارتە دەسلاَتدارەکانی کوردستان نەباوەڕییان بە دیموکراسی هەیە و نەش دیموکراسی پیادە دەکەن. ئەوان یان دەبێ تەنیا حکومڕان بن لە دهۆك و هەولێر و لە سلێمانی، یانیش هەردوکیان بەیەکەوە دەسەلاَت دابەش دەکەن و پارتەکانی تریش بیانەوێت و نەیانەوێت، دەبێ لەو حکومەتەدا بەشدار بن.

سووربوون لە سەر حکومڕانی و ڕەتکردنەوە و ئامادەنەبوونیان بە بوون بە ئوپوزسیۆن، نیشانەی دکتاتووریەتی تاکڕەوی و گشت ڕوین لە کوردستاندا و ئەو سازشکاریەی کە باسیشی لێوە دەکەن، ئەویش لە دگتاتووریەتەوە هاتووە، نەك لە دیموکراسی....

کاتێك دەوترێت دیکتاتووری لە بەڕێوەبردن و هەڵسووکەتی پارتە کوردستانیەکاندا، نابێت بیر لە سەددام بکرێتەوە، چونکە جیاوازیەکی گەورە لە نێوان هەردوو حاڵەتدا هەیە. . دکتاتووریەت لە حاڵەتی سەددامدا بەواتای جینوساید و گۆڕی بەکۆمەڵ و ئەنفال دێت، بەلاَم ئەو دکتاتووریەتەی لەم بابەتەدا باس لێوە دەکرێت، بەواتای شێوەی بەڕێوەبردنی و کارکردنی سیستەمی بەڕێوەبردن دێت....